هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٧
ڕۆژ: ٢٣ / ٤ / ٢٠٢٠

No:
Date:

## بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٢٠

ئاماژە بە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەبەرواری (٢٣ / ٤ /٢٠٢٠) لەکۆبوونەوەی نائاسایی ( ٥٨ ) پەنجا وهەشتەمینی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٤) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن.

بڕیارماندا بە:

- لەبەرئەوەی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە چوار ساڵ خۆڕاگربوون بەرامبەر بە پاشەکەوتی مووچە، کەتائێستا چارەنووسی نادیارە، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پاشەکەوتە لە ئازاری/ ٢٠١٩ حکومەت بڕیاریدا مانگانە (٣٠) ڕۆژ جارێک مووچە دابەش بکات لەبەر ئەوە بڕیارماندا:

١. داواکاری پێشنیارمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین بەمەبەستی دابەشکردنی مووچەی مانگانە بە (٣٠) ڕۆژ جارێک کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە.

٢.مووچە خۆران لەبەرامبەر ئەرکەکانیان پێویستە مافەکانیشیان پارێزراوبێت.

٣. لە عێراق و دراوسێکان و وولاتانی دنیادا دابەزینی نرخی نەوت وە بلاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبۆتە هۆی ڕاگرتن و دواکەوتنی مووچە کەلەهەرێم تا ئێستا مووچەی مانگەکانی (٤،٣،٢،١) ی ٢٠٢٠ دابەش نەکراوە وە لەعێراقەوە مووچەی مانگەکانی (٣،٢،١) ی ٢٠٢٠ گەشتۆتە هەرێم.

٤.حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی شەفاف مووچە خۆران و هاوڵاتیان لە داهات و خەرجی ئاگادار بکاتەوە و ڕوونکردنەوە بدات.

٥.داهاتەکانی هەرێمی کوردستان بە سامانە سروشتیەکانیشەوە مانگانە بە شەفافانە بدرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم.

٦. بەدەنگی (٢٢) ئەندام پەسەندکرا.

٧.ئەم بڕیارە لەسلێمانی نووسرا.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٦/ ٤ /٢٠٢٠

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان